Vision Foundation
For Strategic Studies

# نەخشەڕێگای پرۆژەی چاوی کراوە
# بۆ ڕیفۆرمی کەرتی تەندروستی:

## ڕێگەچارەی ستراتیجی کەرتی تەندروستی پارێزگای سلێمانی

ئامادەکردن: محمد عبدالوهاب حەسەن

www.visionfoundationiq.org

# پڕۆژەی چاوی کراوە - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

## پوختە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٧/١٩دا، بەشی دووەمی خولی دانیشتنەکانی پڕۆژەی چاوی کراوەی ئەنجامدا، کە تایبەت بوو بە کەرتی تەندروستی و لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی پارێزگای سلێمانی د. سەباح هەورامی، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستان و کەسانی ئەکادیمی و ڕاگەیاندنەکان بەڕێوەچوو.

ئەمەش لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بە ناوی (چاوی کراوە) و لەپێناو ڕەخساندنی شەفافیەتی زیاتر، گفتوگۆیەکی تایبەت بە ڕیفۆرمی کەرتی تەندروستی و ڕێگەچارەی ستراتیجی کەرتی تەندروستی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدرا. پڕۆژەی چاوی کراوە، پەیوەست بە دیاریکردنی نەخشەڕێگای ڕێنموونیکردنی چارەسەری ئاڵنگارییەکانی کەرتی تەندروستی پارێزگای سلێمانی پاش دیاریکردنیان (ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی هاوڵاتیانی پارێزگای سلێمانی).

## نەخشەڕێگای ڕێنموونی و ڕێگاچارەکان

**١.بڕیاری سیاسی:** ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی وەک بنەمایەکی دامەزراندنی پلانێک بە مەبەستی پێدانی زانیاری بە بڕیاردەرە سیاسییەکان، بە مەبەستی بنیادنانی ویستی سیاسی، کۆدەنگی و بڕیارێکی سیاسی، بە مەبەستی ڕیفۆرمی سیستەمی تەندروستی، وەک نەخشەڕێگایەک بۆ چارسەری ڕیشەیی کێشەکان.

**٢. ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە نوێکردنەوەی یاسا تایبەتەکانی تەندروستی گشتی و کەرتی تەندروستی:** بەدڵنیاییەوە نوێکردنەوەی یاساکانی تەندروستی گشتی و کەرتی تەندروستی، بەشێوەیەک بتوانێت زاڵبێت بەسەر ئاڵنگارییەکانی سەردەم، هاوکار و زامنی پتەوکردنی تەندروستی گشتی بێت، پێداویستییە هەنووکەییەکانی کەرتی تەندروستی لەڕووی یاساییەوە چارەسەربکات.

**٣. گرنگیدان بە تەندروستی گشتی:** پتەوکردنی تەندروستی کۆمەڵگا، ڕێگریکردن لە دروستبوونی ناساغی تەندروستی، دۆزینەوەی پێشوەختی گرفتە تەندروستییەکان، لەڕێی پڕۆگرامی زانستی پشکنینی پێشوەخت، بۆ ئەو گرفتە تەندروستییانەی پڕۆگرامی زاستی زانراویان هەیە.

**٤. دانانی سەنتەری توێژینەوە:** لەسەر بنەما زانستییەکان کەلێنەکان دیاریدەکات، ڕێگاچارە و نەخشەڕێگا دادەڕێژێت.

**٥. هەماهەنگی سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگا:** چەمکی تەندروستی بە تەنها بە کەرتی تەندروستی ئەنجام نادرێت (هەرچەندە لە ئێستادا لە ئاستێکی باشدایە)، پێویستە گشت بەشەکانی کۆمەڵگا هاوکاربن لە زامنکردنی تەندروستی کۆمەڵگا.

**٦. پلانی ستراتیجی تەندروستی:** بە پشتبەستن بە بنەما زانستییەکان، توێژینەوە ڕەسەنەکان، ئاڵنگارییەکان و پێداویستییەکانی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگا، ئەمەش دەبێتە نەخشەڕێگای پتەوکردنی تەندروستی گشتی و زامنکردنی گرفتە تەندروستییەکانی کۆمەڵگا.

**٧. دیاریکردنی بودجەی تایبەت بە تەندروستی گشتی و کەرتی تەندروستی:** ئەم خاڵە بە پشتبەستن بە یاساکان، کۆڵەکەی گەشپێدانی کەرتی تەندروستییە. فرە سەرچاوەکردنی کەرتی تەندروستی بە یاسا دەکرێت، تەندروستی گشتی و کەرتی تەندروستی لە چەندین ئاڵەنگاریی دەپارێزێت و زامنی بەرەوپێشچوونی پەرەپێدانی تەندروستی گشتی و کەرتی تەندروستییە.

**٨. جیاکردنەوەی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت:** دەبێتە هۆی تەواوکردنی خزمەتگوزارییەکان و هاندانی گەشتیاری تەندروستی.

**٩. پەیڕەوکردنی بیمەی تەندروستی یان سیستەمی نیمچە تایبەت:** ڕێگە چارەیەکی هەنووکەییە بۆ دەربازبوون لە کێشە داراییەکان.

**١٠. دیاریکردنی ڕێنموونی، پلان و بودجەی تایبەت بە کارەساتە تەندروستییە کتوپڕەکان:**

ئەزموونی سیستەمی تەندروستی لە پارێزگای سلێمانی - هەرێمی کوردستان، باشترین بنەمایە بۆ سوودوەرگرتن لێیان و خۆئامادەکردن بۆ داهاتوو.

**١١. توانای مرۆیی بڕیاربەدەست:** دانانی پسپۆڕی تایبەت، کۆرسی تایبەت بۆ کەسانی بڕیاربەدەست و دەوڵەمەندکردنیان بە زانیاری و لێهاتووی پێویست، بە بەڕێوەبردن و پێشخستنی کەرتی تەندروستی.

**١٢. توانای مرۆیی:** دابینکردنی توانای مرۆی پێوانەیی، گەشەپێدانی توانای مرۆیی بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستی کۆمەڵگا لە لایەنەکانی تەندروستی.

**١٣. پێداویستی پزیشکی:** دابینکردنی پێداویستییە هەنووکەییەکان، پەرەپێدانی و بەردەوامی پێدانی ئەوانەی هەن.

**١٤. دابینکردنی دەرمانی پێویست و کوالێتی بەرز و کۆنترۆڵکردنی نرخەکان.**

**١٥. بینای دامەزراوە تەندروستییەکان:** بەردەوامی پێدانی ئەوانەی هەن، تەواوکردنی تەواونەکراوەکان و بنیادنانی دامەزراوەی پێویست.

**١٦. هاندانی دانانی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی گشتگیر کە بەرژەوەندی گشتی تیایدا پارێزراوبێت.**

## کۆی بەربەست و ئاڵەنگارییەکانی کەرتی تەندروستی پارێزگای سلێمانی، لە دەرئەنجامی پوختە ئەزموونی بەرپرس و ئەکادیمییەکانی پارێزگاکە، بە وردی تیایدا ڕووناکی خراوەتە سەر گشت لایەنەکانی کەرتەکە

**١. بڕیاری سیاسی:** نەبوونی کۆدەنگی، بڕیار و ویستی سیاسی لەسەر سیستەمی تەندروستی و ڕیفۆرمی تەندروستی، کە تاکە ڕێگەیە بۆ چارەسەری بنەڕەتی کێشەکان.

**٢. سیستەمی تەندروستی:** نەبوونی پلان (کورتخایەن و درێژخایەن)، سەنتەری توێژینەوەی زانستی و دیاریکردنی پێوەرەکان وەک بنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندن.

**٣. نەبوونی بودجەی دیاریکراوی وەبەرهێنان یان بەکارهێنەر،** لەسەر بنەمای پلانێکی زانستی ئاڵەنگاریی ڕۆتینی کارگێڕی و نەبوونی فرەچەشنەیی لە داهاتی دارایی.

**٤. گرنگینەدان بە تەندروستی گشتی،** پشتگوێخستنی، ئەمەش کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگا و داهاتووی کۆمەڵگا هەیە.

**٥. نەبوونی پشکنینی پێشوەخت:** کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تەندروستی تاک، خێزان و کۆمەڵگا هەیە، کاریگەری نەرێنی ئابووری لە مەودای درێژخایەن هەیە.

**٦. توانای مرۆیی:** کەموکورتی لە ژمارەی کارمەندانی تەندروستی، ئاڵەنگارییەکان لە ڕێی پسپۆڕی وردی پزیشکی.

**٧. نەبوونی بیمەی تەندروستی یان سیستەمی نیمچە تایبەت.**

**٨. تێکەڵبوونی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت:** بەکارهێنانی کەرتی گشتی بۆ بەرژەوەندی کەرتی تایبەت.

**٩. پاڵپشتینەکردنی پلانی کارکردن و ڕێگاچارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی:**
هەندێک لە کێشەکان پلانی چارسەریان بۆ دانراوە بەڵام لە لایەنەکانی سەرەوە پاڵپشتی ناکرێن.

**١٠. ئامێر و پێداویستی پێویست:** نەبوونی بودجە و تێنەگەیشتن لە کڕین، چاککردنەوە و پەرەپێدانی پێداویستییە هەنووکەییەکانی چالاکییەکانی دامەزراوە تەندروستییەکان، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ژیان و تەندروستی کۆمەڵگادا هەیە.

**١١. زۆری ڕۆتینی ئیداری،** کە گرفتی زۆری لەسەر دابینکردنی دەرمان و پێداویستییەکان، نرخ و کوالێتیان هەیە.

**١٢. نەبوونی پلان و بودجەی پێویست بۆ کارەساتە کتوپڕە تەندروستییەکان.**

**١٣. دەستتێوەردانی لە کاروباری کەرتی تەندروستی.**

**١٤. نەبوونی سیستەمێکی تەندروستی گشتگیر:** کە بەرژەوەندی گشتی تیایدا پارێزراوبێت (چەند هەنگاوێکی گرنگ و پەیڕەوکراوە بەم ئاڕاستەیە).

## چەمکی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی پارێزگای سلێمانی

چەمکی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی پارێزگای سلێمانی، لە ڕوانگەی پراکتیکی ڕۆژانە، گرفت، بەربەست و ئاڵەنگارییەکان. پەردەلابردن لەسەر ڕێگەچارە پراکتیکی و پێوانەییەکان. ئەمەش سەرەڕای پوختەی ئەزموون، سەرنج و تێبینی لایەنە پەیوەندیدارەکانی پارێزگاکە، ئەمانەش ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

١.خزمەتگوزاری تەندروستی بەرایی (بەشێوەیەکی گشتی خۆپارێزی دەگرێتەوە)، بە یەکێک لە گرنگترین پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و پێشکەوتوویی سیستەمی تەندروستی دادەنرێت و بەداخەوە پشتگوێخراوە. بنەمای ڕێگریکردن لە ئاڵەنگارییە تەندروستییەکان، نموونەیان پشکنین و دەوڵەمەندکردنی زانیاری زانستی پێش پرۆسەی هاوسەرگیرییە (نەخۆشی سالاسیمیا و پشکنینی پێش پرۆسەی هاوسەرگیری، کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کەمکردنەوەی نەخۆشییەکە و تەنانەت بە تەواوی ڕێگریکردن لێی، نەخۆشییە گواستراوەکان لەڕێی زایەندییەوە، کە دەکرێت ڕێگریان لێبکرێت و چەندین خێزان لە کارەساتی تەندروستی بپارێزرێت و تێچوویەکی زۆر بۆ کەرتی گشتیش بگەڕێنرێتەوە). لەڕێی پێدانی زانیاری پێویست کە یارمەتی زانستی و پراکتیکییە بۆ پێکهێنانی خێزانێکی تەندروست، کە بنەمای کۆمەڵگایەکی پتەودەبێت. هەروەها پرۆگرامی ڕێکخستنی خێزان، وەک یارمەتیدەرێکی زانستی بۆ کۆنتڕۆڵکردن، خستنەوەی نەوەیەک و خێزانێکی پلان بۆ دانراوی تەندروست، بە هاوکاری پرۆگرامی خانمانی دووگیان، لەڕێیەوە بەدواداچوون، پشکنین، پێدانی پێکوتە و ڕێنموونی زانستی، بە هاوتەریبی لەگەڵ قۆناغەکانی دووگیانی یارمەتی خانمان دەکات، بۆ گەیشتن بە باشترین دەرئەنجام بۆ دووگیانییەکەیان. هەروەها تەندروستی دەم و ددانی دایکی دووگیان و تەندروستی و گەشەی کۆرپە پێش لەدایکبوون دوای لەدایکبوونیش، لە خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانن، پشکنینی پێشوەختەی کۆرپە دوای لەدایکبوونی، کە بۆ چەندین گرفتی تەندروستی گرنگ دەکرێت (لە ئێستادا بە هۆی قەیرانی دارای نەتوانراوە جێبەجێ بکرێت). خزمەتگوزاری کوتان وەک بنەمایەکی سەرەکی پاراستنی کۆمەڵگایە لە چەندین نەخۆشی، هەندێکیان لەسەر ئاستی جیهان لەناوبراوە، هەندێکی دیکە لەسەر ئاستی نیشتمانی کۆنتڕۆڵکراوە. خزمەتگوزاری دیکەی وەک چاودێری گەشەی منداڵ و تەندروستی خوێندنگەکان، وەک بەشێکی سەرەکی خزمەتگوزارییە بەراییەکانن کە پێشکەشدەکرێن. هەروەها خزمەتگوزاری تەندروستی تایبەت بە هەرزەکاران، نەتوانراوە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە (پەیوەستە بە تەندروستی و هۆشیاری زایەندیی، خۆپارێزی لە مادده هۆشبەرەکان و ئاڵەنگارییە تەندروستییەکانی پەیوەست بەم تەمەنەوە). پشکنینی پێشوەخت، کە بۆ چەندین گرفتی تەندروستی ئەنجام دەدرێت بۆ نموونە هەندێک جۆری شێرپەنجە، وەک شێرپەنجەی مەمک، کە بەداخەوە لە ئێستادا تەنها پلانی بۆ دانراوە.

**چاودێری خۆراک و ئاو،** بەشێکی هەستیار و گرنگە، پەیوەستە بە ژیان و تەندروستی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگاوە (سنورەکان، کارگەکان و خواردنگەکان)، کە بەهۆی کەمی توانای مرۆیی و هۆکارەکانی گواستنەوە لە گرفتە سەرەکییەکانە.

**کۆنتڕۆڵکردنی نەخۆشییە گواستراوەکان،** یەکێکی دیکەیە لە خزمەتگوزاریەکان، کە پێشکەش دەکرێت و پەیوەستە بە ژیانی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگاوە، وەک پەتای کۆرۆنا کە هەموو جیهانی گۆڕی، هەروەها پەتای کۆلێرا کە لە ئێستادا ئەگەری بڵاوبوونەوەی زۆرە، بەداخەوە هیچ بودجەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم جۆرە پەتایانە بەردەست نییە.

**خزمەتگوزاری کۆنتڕۆڵکردنی نەخۆشییە نەگواستراوە و درێژخایەنەکان،** یەکێکی دیکەی خزمەتگوزارییەکانە، کە بەداخەوە نە لەڕوو بینا، توانای مرۆیی، دەرمان و پێداویستییەکانی کە لە ئاستی پێویستدا نییە و پێویستی بە ڕیفۆرمی گرنگە.

لە ئێستادا لە بنکە و مەڵبەندە تەندروستییەکان سیستەمێکی ئەلیکترۆنی پەیڕەوکراوە، کە تیایدا تۆماری کەسێتی و زانستی تاکی تێدا تۆمارکراوە، کە هاوکارە بەگەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ زۆرترین هاوڵاتی، بەهەمان شێوە هاوکارە بۆ دیاریکردنی کەلێنەکان، بەرچاوڕوونی دەدات بۆ بەدواداچوون، چارەسەرکردن و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و تەندروستی ئێستا و داهاتووی وڵاتەکە.

٢. خزمەتگوزاری فریاکەوتنی خێرا (ڕزگارکردنی ژیانی چارەخوازان لە کەمترین کاتدا گرنگترین بنەماکانییەتی)، کە خزمەتگوزارییەکی هەستیارە، دابینکردنی پێداویستییەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی کاتی گەیاندنی چارەخواز بۆ دامەزراوە تەندروستییە پەیوەندیدارەکان، بەشێوەیەکی سەرەکی کراوە بە سێ ئاستەوە، بریتین لە:

آ. تەنها لە سلێمانیدا هەیە (کارەکەی خۆی بە تەواوی ناکات)، پلان هەبووە کە لە ٣٠ شوێنی دەرەوەی سەنتەری شاردا هەبێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی لایەنی دارایی نەتوانرا جێبەجێبکرێت، پلان، توانای مرۆیی و ڕێنموونی تایبەتیان بەشێوەیەکی تیۆری بۆ دانراوە بەڵام جێبەجێنەکراوە.

ب. لە قەزا و ناحیەکان (پلانی تایبەتییان هەیە لە ڕووی توانای مرۆیی و پێداویستییەکان)، یەکێک لە گرفتەکانی سیستەمی ڕەوانەکردنی چارەخوازان (نموونەیان، پیرەمەگرون و بازیان) پلانی تایبەتمان بۆی هەبووە، بەڵام وەڵام نەدراوینەتەوە، ئەم شوێنانە هۆڵی نەشتەرگەرییان تیادایە، لە توانایاندایە چەند ئاستێکی نەشتەرگەری ئەنجامبدەن. نموونەیان (قەزاکانی سەیدسادق، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و هیدیکە)، چەمچەماڵ کە لە ئێستادا خێرخوازێک نەخۆشخانەیەکی تیادا دروستدەکات، بە تەواوبوونی زۆرترین کێشەی چارەسەردەبێت. دەربەندیخان لە دوای بومەلەرزە بەناوبانگەکە تائێستاش نەتوانراوە هۆڵی نەشتەرگەرییەکەیان بۆ نۆژەنبکرێتەوە، هەموو ساڵێک لە دواساتەکانی ساڵدا ڕەزامەندی دێتەوە بۆ نۆژەنکردنەوە، بەڵام بەهۆی ڕۆتینی کارکردنەوە فریای تەواوکردنی لایەنە کارگێڕییەکانی ناکەوین. ئەم ساڵ بەهۆی لایەنی ئیداری پارێزگای سلێمانی، توانرا لە مانگی پێنج (٥)دا ڕەزامەندی بۆ وەربگیرێت.

ج. سەنتەرە پێشکەوتووەکان (پسپۆڕی تایبەتمەندی وردن)، لە سەنتەری شارەکاندا هەن، جیاکەرەوەی ئەم سەنتەرانە لە سلێمانیدا بریتییە لەوەی لە بەرکەوتنی یەکەمی چارەخوازدا پزیشکی پسپۆڕ ئامادەیە، ئەمەش دەرئەنجامی سەرکەوتنە بەسەر چەندین ئاڵەنگاریی، سەرەڕای بوونی چەندین بەربەست و کەموکورتی (ن. شار ، ن. منداڵان).

گرفتی سەرەکی لێرەدا بریتییە لە تێکەڵبوونی هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی، ئەمەش وایکردووە کە کەرتی گشتی بەکاربهێنرێت بۆ بەرژەوەندی کەرتی تایبەت (ئەمەش گرنگی جیاکردنەوەی هەردوو کەرت زەق دەکاتەوە)، نموونە مامۆستای زانکۆ لە زانکۆ کاردەکات، لە نەخۆشخانەی گشتی کاردەکات، کلینیکی تایبەتی خۆی هەیە و لە چەندین نەخۆشخانەی تایبەت کاردەکات (چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە تا ئێستا تەنها دروشمبووە، لە لایەن وەزیرە دوابەدواکاندا بەکارهێنراوە).

ئەلکترۆنیکردنی هەردوو نەخۆشخانەی منداڵان و منداڵبوون، کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر خزمەتگوزارییەکان لە ئێستا و داهاتوودا. گرنگی وردی پزیشکی بە تایبەت بۆ پزیشکان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییە وردەکان، هاوتەریبە بە بەرزکردنەوەی ئاست و ژمارەی توێژینەوە زانستییەکان ( ئەمەش بە ڕوونی لە وڵاتانی دەرەوە ڕەنگدەداتەوە)، لە هەمان کاتدا متمانەی چارەخوازان زیاتردەکات. ئەمەش گرفتێکی سەرەکیمان بوو لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکان. بەڵام ئەمە بەسەرکەوتوویی تواندرا بەسەریدا زاڵبین (پسپۆڕی منداڵان کە گرفتی نەبوونی پسپۆڕی وردیان هەبوو، وەک نموونە پسپۆڕی وردی نەخۆشییەکانی دڵ و نەشتەرگەری دڵ هەبوو، کە توانرا ٢٠ ماستەر لە پسپۆڕییە وردەکانی منداڵان بکرێتەوە بۆیان و پێبگەیندرێن). ئەمەش پلانمانە، کە لە داهاتوودا هەموو پزیشکێک تەنها لە یەک نەخۆشیدا پسپۆڕی وردی هەبێت.

سەنتەری نەخۆشییەکانی هەرس و جگەر ( یەکێکە لە سەنتەرە هەرە پێشکەوتووەکانی سەرتاسەری هەرێم و عێراق)، فریاگوزاری خێرای کۆنی سلێمانی تەنها ٣٠ تەخت بووە، پاش گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی شار و دووبارە تایبەتکردنی ئەم بەشە کۆنە، پاش نۆژەنکردنەوەی کرا بە سەنتەری هەرس و جگەر (چەندین تۆمەتی فرۆشتنی بە کۆمپانیای قەیوان خرایە پاڵمان). نەخۆشخانەی فێرکاری لە ئێستادا کراوە بە بەشی هەناوی گورچیلە، نەخۆشخانەی دەروونی بونیادنرا لە نەخۆشخانەی شەهید د. هێمن، لە تاسلوجە خزمەت دەکەن. نەبوونی بودجە بۆ پێشخستن، نەسریە و بودجەی تایبەت بۆ ئەم مەبەستانە گرفتێکی سەرەکی بەردەم پێشخستنە. پسپۆڕی کارمەند و پسپۆڕی وردی پزیشکان بنەمایەکی سەرەکی پێشخستنی سیستەمی تەندروستییە.

گرفتی بودجە، بە هەردوو جۆری (وەبەرهێنان و بەکاربردن)، بودجەی وەبەرهێنان ئەرکی سەرەکی پێشخستنی سیستەمی تەندروستییە (لە جەنگی داعشەوە نەماوە)، هەرچی بودجەی بەکاربردنیشە هەموو ساڵێک کەمدەکرێتەوە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی نەرێنی دروستکردووە. لە ئێستادا ئەرکمان تەنها نەهێشتنی داڕمانی سیستەمی تەندروستییە نەک پێشخستنی، ئەوەشی کراوە تەنها بە هەماهەنگی و هاوکاری مرۆڤدۆستی لایەنەکانی کەرتی گشتی ئەم شارەیە.

گرفتی ئامێرە پزیشکییەکان و بەردەوامی پێدانیان و بەردەوامی گۆڕانکاری لە بەرپرسەکانی، هەندێک جار ئاڵەنگاریی بۆ ئەم لایەنە دروست دەکەن، لە دواییدا هەمان بەرپرس لە ئاڵەنگارییەکان تێدەگات، بەڵام کاتێکی زۆری ڕۆیشتووە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر خزمەتگوزارییەکان هەبووە.

توانای مرۆیی بەپێی پێوەرەکان، پێویستمان بە ٣٦،٠٠٠ دەستی کاری مرۆییە، بەڵام لە ئێستادا تەنها ١٣،٠٠٠ بەردەستە، بەهۆی نەبوونی دامەزراندن و هۆکارەکانی دیکە.

نەبوونی پلانی بەڕێوەبردنی سیستەمی تەندروستی لە لایەن پارتە سیاسییەکان بوونی نییە، ئەمەش کێشەکان وەک خۆی یان قوڵتر دەکاتەوە. نەبوونی ڕاهێنان، پلانی کار (لە لایەن حکومەت و پارتە سیاسییەکان)، تەنها ئەزموونی بەڕێوەبەری گشتی و هزری خۆی تاکە پێوەرە بۆ بەڕێکردنی کارەکان (ئەمەش ئەگەری ڕوودانی هەڵە زیاد دەکات). سیستەمی دیوەخان تاکە سیستەمی بەڕێوەبردنە ئەمەش هۆکاری ڕوودانی چەندین گرفتە و وردەکاری زۆری تیادایە.

٣. خزمەتگوزاری تەندروستی پزیشکی وردی سارد (پەیوەستە بە پلانێکی ورد بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتە تەندروستییەکان و جێبەجێکردنی).

٤. کۆمەڵێک خزمەتگوزاری دیکە هەن وەک (پزیشکی دادوەری کە هەماهەنگی تیادا دەکرێت لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری بەپێی یاساکان)، هەروەها چەندین خزمەتگوزاری دیکە.

٥. ستراتیجی کارکردن، بۆ نموونە خزمەتگوزارییە تەندروستییە خێراکان دەبێت بێبەرامبەر بێت، خزمەتگوزارییە ساردەکان یان لەڕێی بیمەی تەندروستی یان بکرێت بە پارە. لە کاتێکدا هەم خزمەتگوزارییەکان بێبەرامبەر بژاردەیەکی دروست و کاریگەر نییە. هەم بوونی کەرتی تایبەت جێگرەوە لەسەر لایەنی کەرتی گشتی نییە، بەڵکو تەواوکەری کەرتی گشتیە. بەڵگەش کەرتی تایبەت بە بەراورد بە شارەکان و وڵاتانی دیکە هەرزانترینە. بەڵام ئێستاش گرفتی کوالێتی کارکردن هەیە.

٦. بەڕێوەبردنی جۆریەتی، کە بەشێکی گرنگی تەندروستییە، نموونەی ئەم بابەتەش کوالێتی و جۆری دەرمانە، کە هەمان دەرمان بە چەندین نرخ دەفرۆشرێت، ئەمەش لە دەرئەنجامدا کاریگەری نەرێنی لەسەر متمانەی چارەخواز هەیە.

٧. نەخۆشخانەی دڵی کراوەی ئیتاڵی: سەرەڕای چەندین گرفت وەرگیراوە، لە ئێستادا پێویستی بە ٣٠٠ کارمەند هەیە بەڵام بەداخەوە دامەزراندن نییە.

٨. گەشتیاری تەندروستی، دەکرێت بکرێتە سەرچاوەیەکی دارایی گرنگ و پێشخستنی جۆریەتی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی.

٩. نەبوونی بڕیارێکی سیاسی لەسەر سیستەمی تەندروستی و ڕیفۆرمی سیستەمی تەندروستی (بەبێ بوونی ئەم بڕیارە هیچ هەنگاوێکی کاریگەر ناتوانرێت ئەنجام بدرێت).

١٠. تەندروستی گشتی ٨٩٪ سیستەمی تەندروستی پێکدەهێنیت، بەڵام ١١٪ کەی دیکە بریتییە لە خزمەتگوزاری تەندروستی و بەتایبەتی چارسەر.

١١. تێچوونی چارەخوازێکی شێرپەنجە لە ماوەی ساڵێکدا بریتیە لە ٥٠٠ - ٦٠٠ ملیۆن دیناری عێراقی، چاندنی مۆخی ئێسک بۆ نەخۆشی سالاسیمیا، کە کۆی تێچووەکەی لە دەرەوەی وڵات ٧٥ملیۆن دیناری عێراقییە، لە کاتێدا ناتوانرێت پزیشکێک بۆ بدل عیاداتی سەنتەرەکە زیادبکرێت، کە تێچووەکەی لە ساڵێکدا ٤٥ ملیۆن دینارە ( بەمە دەتوانرێت لەبڕی ١٠ چارەخواز، ١٥ چارەخواز چارەسەر بکرێت)، کە هەمان پرۆسەی دەرەوەی وڵات ئەنجامدەدات، تێچووی چارەسەری چارەخوازێکی شێرپەنجەی مەمک لە قۆناغی چوار بۆ مانگێک ١٢ ملیۆن دیناری عێراقییە، (١٠ چارەخواز لەهەمان جۆر بۆ ماوەی ساڵێک بریتیە لە ١،٤٤٠،٠٠٠،٠٠٠ ملیارێک و چوارسەد و چل ملیۆن دیناری عێراقی)، لە کاتێکدا تێچووی ئامێرێکی پشکنینی پێشوەختی شێرپەنجەی مەمک "مامۆگراف" بە نزیکەیی ٧٠٠ ملیۆن دینارە. ئامێری MRI لەسەر ئەرکی خێرخواز چاکدەکرێتەوە.

دامەزراوەی ڤـیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجـی
مؤسســة رؤيــة للدراســات الاستراتيجيــة
Vision Foundation for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq